# عیراق کۆمەلگایەکی شارستانییە
# و حوکمی ئیسلام تحمل ناکات !

محمد غفور
10فیبروەری2005

لەحوجرەی علی سیستانییەوە فتوای ئەوە دراوە کەدەبێ ئایینی ئیسلام سەرچاوەی ئەصلی دەستووری وولات بیت.وەهەر هەولیك بۆجیاکردنەوەی دین لەدەولەت قبول ناکەن.ئەمە قسە وپەیامی ئیسلامی سیاسییە بەشیوەیەکی گشتی سەبارەت بەدەستوور ودەولەت. مەرجەعییەکانی شیعە لەمجلیسی حوکمیشدا بریاری 137یان پەسەندکرد، کەبریتی بوو لەپیچانەوەی تەنانەت یاساکانی مەدەنی وئەحوالی شخصی سەردەمی رژیمی بەعس ودانانی شەریعەی ئیسلامی لەجیگایاندا,ئەوەبوو ئەوسا ئەم بریارە وەکو زەنگیکی خەتەرناك سەری کیشای بەبەردی شارستانییەت وبزووتنەوەی ئازادیخوازی وهیزی عیلمانی کۆمەلگای عیراقدا، وپیچرایەوە.

ئیستا بەشوین مەسخەرەی هەلبژاردندا مەرجەعییەکانی شیعە پییان وایە شەرعییەتیان پیدراوە وئەتوانن حوکمی رەشی ئیسلام بسەپینن بەسەر کۆمەلگای شارستانی عیراقدا لەریگەی دانانی ئایینی ئیسلام وەکو سەرچاوەی ئەصلی دارشتنی دەستووری عیراق.بەلاّم سیستانی ودارودەستەی ئیسلامی جۆراوجۆر دەبیّ ئەوە بزانن کەئەوە یەك لەدوای یەکەکانی ئەم وولاّتە زیاتر لەسەدەیەکە کۆمەلگای شارستانییان دامەزراندووە وممارەسەی ئۆرگان ودامەزراوە مەدەنی وکۆمەلاّیەتییەکان دەکەن. سەرەرای وەحشییەت ودیکتاتۆرییەتی رژیمی بەعس ودوژمنایەتی قوولی سەددام وپیاوەکانی لەگەل ئازادی ومافەکانی ئینسان وژنان و، وەلاّمدانەوەی هەر دەنگیکی نارازی بەسەرکوتی خویناوی، بەلاّم تارادەیەکی زۆر سیمای کۆمەلگای شارستانییان پاراست،ولەچاو زۆریك لەوولاّتانی عەرەبی وناوچەکەدا عیراق کۆمەلگایەکی شارستانی تر ولەپیشتر بووە.وەکەسانی وەکو سیستانی وپیاوانی ئاینی ئیسلام ومەرجەعییەتی شیعە لەناو مزگەوتەکان ولەچوارچیوەی شوینە دینییەکاندا خەریکی نویژ ودۆعابوون بۆ سەددام ودەسەلاّتەکەی وبەنوینەری خودایان لەقەلەم دەدا لەسەر ئەرز!ئیستا ئەم خەلکە هیچ شتیك ناچاریان ناکات کەحوکمی ئیسلام لەسەر دەستی ئەم خزمەتچییانەی دەسەلاّتی سەددام وهیچ نوینەریکی تریاندا ملبدەن بەحوکمی بەربەری ئیسلام ومەرجەع وخورافەی حسن وحسین.ئەمانە نوینەری تاریکی وخورافە ونەزانی ودواکەوتوویین.ئەم زومرە دواکەوتووە دەسچنەی جمهوری ئیسلامی ئیران،وپەروەردەی بارودۆخی سیناریۆی رەشن،نەك هەر لایەقی حوکمرانی هیچ شوینیك نین کەئینسانی تیدا بیت،بەلکو سەعادەت وئاسوودەیی ئینسانییان لەگرەوی پاککردنەوەی ئەم دومەلە پیسانەی جەستەی کۆمەلگاکەیاندایە.

نموونەی حوکمی رەشی ئیسلام بەباشترین شیوه خۆی نیشانداوه له ئیران،ئەفغانستان،وپەیام وکارنامەیان بۆ کۆمەلگا ومرۆڤایەتی تەنها تیرۆر وکوشتار وتۆقاندن وملپەراندنه.لەژیرسایەی حوکمی ئیسلامدا شتیك نییه پیی بووتریٚ ئینسان.ئینسان عەبدی خودایه ودەبیٚ ملکەچی خورافاتی ئایینی بیت.ژنان دەئاخنرینه ناو مالٚ وبەپیی یاسای خودا رەسمیەت دەدریت بەکۆیلایەتییان بۆ پیاوان.دەستی رەشی ئیسلام دەبیته کابوسیکی ئەبەدی بەسەرسەری ژنانی وولاٚتەوه وسەنگسار وئیعدام لەلایەن دەولەتەوه رەسمییت پی دەدریٚ،وناموسپەرستی وپیاوسالاری وباوکسالاری ئەکاته فەرهەنگی باوی کۆمەلگا وشەرعییەت پەیدادەکات. ماف وئازادییەکان وشادی وخۆشی یاساغدەکریٚ.لەیەك قسەدا کۆمەلٚ دەگیرنەوه بۆ میژووی پیش سەردەمی شارستانییەت.

خەلکی عیراق ولەپیشیانەوه ئازادیخوازان وژنان دەبیٚ ئەم هەرەشەیەی مەرجەعی شیعه وەکو ئاکامی سیناریۆی هەلبژاردن وبەرەنجامی پروپووچی دیموکراتیزەکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوه تەماشابکەن. دەبیٚ بەدەربرینی نارەزایەتی جۆراوجۆر و بەرفراوان ئەم فتوایه ریسواوپەك بخەن،وەکو بریاری 137.حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق کەبەروونی ئەم زەنگه خەتەرەی پیشبینی کردبوو،وەرامایگەیاند کەهەلبژاردن سیناریۆیەکه ئیسلامی شیعه شەرعییەت پیدەدا،وسبەینیٚ یەکەم هەنگاویان تەشریعکردنی ئیسلامه وەکو یاسا ودەستووری وولاٚت، لەریزی پیشەوەی خەباتی سیاسی وجەماوەری ئەم خەلکەدا بووه.وەلەپیناوی گیرانەوەی مەدەنییەت بۆ کۆمەلگا لەریگای کردنەدەرەوەی هیزی داگیرکەری ئەمریکا وئیسلامی سیاسییەوه خەباتیکی درەخشانی هەیه.ئەم حیزبه ئالاٚی بنیاتنانی کۆمەلگایەکی ئازاد وسکۆلاری هەلکردووه.ریزی یەکپارچەی خەلك وئازادیخوازان لەدەوری ئەم ئالاٚیه هەردوو بەرەی تیرۆریستی ئیسلامی وئەمریکایی وجەنگ وکیشمەکیشیان بەشکست دینیٚ، ولەم وولاٚته ئەیانکاتەدەرەوه.چونکه هەلبژاردن دریژه بەمانەوەی هیزەکانی ئەمریکا دەدا وململانیی نیوانیشیان بەسەرسەری خەلکەوه رادەگریٚ. هەرکەسیٚ دلی بۆ ژیانیکی باشتر وکۆمەلگایەکی کراوه لیدەدات ئەرکییەتی لەبەرامبەر ئەم دوو بەره دژه خەلکییەدا،حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەهیزبکات.